

# د.نەجمەدین کەریم بۆ :

# بۆ تێگەیشتن لەگەڵ ئەمریکییەکان هەنگاوی باشمان ناوە

دیمانە: حەیدەر عەبدولڕەحمان

**ئەنستیوتی کورد لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا یەکێکە لە چالاکترین دەزگا سیاسی و رۆشنبیرییە کوردییەکان سالآنێکی زۆرە ئەو ئەنستیۆتە خزمەت بەپرسی کوردو ناساندنی ناسنامەی کورد دەکات بە حکومەت و گەلانی ئەمریکا..**

**لە واشنتۆن- چاومان کەوت بە بەڕێز (د.نەجمەدین کەریم) بەرپرسی ئەو ئەنستیۆتەو کۆمەڵێ پرسیارمان ئاراستەی بەڕێزیان کردەوە.**

*** تا ئێستا ئەنستیۆتی کورد لە واشنتۆن چ رۆڵێکی بینیوە لە پیادەکردنی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا هاتۆتەکایەوە؟**

– ئەنستیۆتی کورد یەکەم دەزگای کوردییە لە واشنتۆن کە هیچ پەیوەندییەکی بەهیچ لایەن و حزبی سیاسی و هیچ پارچەیەکی کوردستانەوە نەبێت، بەڵکو بۆ هەموو کوردستانی گەورەو هەموو کوردەکانە لە هەموو جیهاندا.

ئەنستیۆتی کورد لە واشنتۆن لە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە، هەڵبەتە دروشمی ئەنستیۆتەکەش ئەوەیە کە ئەم ئەنستیۆتە بۆ هەموو کوردە لە جیهاندا، ئامانجی بنەڕەتیشمان ئەوە بووە کە خەڵکی ئەمریکا بەخەڵکی کوردستان بناسێنین و کێشەکانی کورد بخەینەڕوو، لەهەمانکاتدا تیشک بخەینە سەر سیاسەتی ئەو رژێمانەی کە کوردییان تێدا دەژیت، بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتانە بۆ خەڵکی و بۆ حکومەت و کۆنگریسی ئەمریکیش روونکەینەوە.

> **ئێمە رێکخراوێکی سەر بە حکومەتی ئەمریکاین کە بەشێوەیەکی گشتی پرسی کوردو کێشەکانی دەخەینەڕوو**

لەهەمانکاتیشدا ئەنستیۆتی کورد یارمەتی زۆری ئەو خەڵکانەی داوە کە دەیانەوێت لە ئەمریکاوە بچنە کوردستان، لەوانەش رۆژنامەنووس و تیمی تەلەڤزیۆن و خەڵکانی سیاسی.

لەرووی سیاسییەوە ئێمە وەک ئەنستیۆت هەوڵی ئەوەمان داوە لایەنە کوردییەکان لێکتر نزیک بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆنفراسمان بەستووە کە تێیدا حزبە سەرەکی و رێکخراوە کوردییەکان هاتوونەتە واشنتۆن و بەشدارییان لەو کۆنفرانسانەدا کردووە.

هەروەها ئەنستیۆتی کورد هەوڵی داوە پرسە نەتەوەییەکانی وەک هەڵەبجەو کیمیاباران و ئەنفال بخاتەڕوو، لەم بارەیەشەوە چەندین کۆنفرانسمان سازداوەو هەوڵمانداوە ئەو پرسانە بخەینە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا، زۆر لەو کارانەشمان بەهاوکاری لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکاو کۆنگرێسی ئەمریکا ئەنجامداوە.

پێش رووخانی رژێمیش ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و بەرفرەوانمان ئەنجامدا دەربارەی کاریگەری چەکی کیمیاوی بەسەر ئەو کەسانەی کیمیا باران کراون و ماونەتەوە، مەبەستیشمان لەو لێکۆڵینەوەدا ئەوە بووە کە لێرە لە واشنتۆن ئەو مەرگەساتانە نیشانی خەڵک و رێکخراوە خێرخوازییەکان بدەین، بۆ ئەوەی هەموو لایەک بزانن کە ئەو چەکە کیمیاویە چ ئاسەوارێکی بەسەر ئەو کەسانەدا بەجێهێشتووە تا بزاندرێ ئەو خەڵکە پێویستی بەچی هەیە بۆ ئەوەی یارمەتی بدرێ، ئێمە ئەو لێکۆڵینەوانەمان خستۆتەڕوو، بەڵام قۆناغی کۆمەککردنەکە کارێکی ئاسان نییە، ئێمە بەردەوام دەبین لە هەوڵدانمان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، گرنگیشە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوکاری ئێمە و ئەوانەش بکات کە بەرگری لەو کیمیا بارانکراوانە دەکەن کە لە بیر نەکرێن و کۆمەکبکرێن.

جگە لە هەموو ئەمانەش ئێمە چەندین جار کۆنفرانسمان ئەنجامداوە بۆ چەندین پرسی سیاسی گرنگ لەوانەش پرسی کەرکووک و مادەی ١٤٠و ئەوەمان خستۆتەڕوو کە چەندین پارچەی دابڕاو لە کوردستاندا لەکاتی خۆیدا چۆن



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١٠ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM

لەلایەن رژێمەوە تەعریب کراون، دوا کۆنفراسی ئێمە لەمبارەیەوە لە مانگی پێنج بوو، کە کۆمەڵە کەسایەتییەکی زۆری شارەزاو پسپۆڕ لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بوون و رای خۆیان خستەڕوو کە چی بکرێت بۆ چارەسەکردنی کێشەکان.

*** ئایا چالاکییەکانی ئەنستیۆت تەنها لایەنی سیاسی دەگرێتەوە، یا چالاکی دیکەی رۆشنبیری و هونەریشیان هەبووە؟**

– ئێمە لە ئەنستیۆت کتێبخانەیەکی بەر فراوانمان هەیە بۆ خزمەتی رۆشنبیرو خوێنەرانی کورد کە جارجار دێن سەردانمان دەکەن و داوای سەرچاوە دەکەن، لەوانەش رۆژنامەنووسان و قوتابییان کە دەیانەوێ سوود لە کتێبخانەکەی ئێمە ببینن، لەپاڵ ئەوەشدا ئێمە خولی تایبەتی دەکەینەوە بۆ فێربوونی زمانی کوردی، بۆ ئەوانەی ئارەزوو دەکەن.

*** تا ئێستا ئەو پەیوەندییانەی کە ئێوە بە گەلی ئەمریکا دەبەستێتەوە کامانەن و ئەو پەیوەندییانە ئەمڕۆکە گەیشتوونەتە چ ئاستێک؟**

– ئێمە وەک رێکخراوێکی ئەمریکی بە کۆمەڵێ یاساو رێسای تایبەت بەستراووین، بەم پێیەش ئێمە رێگەمان پێدراوە قسە لەگەڵ کۆنگرێس بکەین و ئەمەشمان کردووە.

هەوڵمانداوە ئەندامانی ئەو رێکخراوە زێدە بکەین کە بۆ دۆستایەتی ئەمریکا- کورد دامەزراوە، رۆژ لەدوای رۆژیش ئەو ژمارەیە لە زۆربووندایە، زۆر بەیەک گەیشتنمان هەیە لەگەڵ سیناتۆرەکان بۆ قسەکردن لەسەر پرسی کوردو کوردستان و هەمیشە پێشنیاری پێویستمان خستۆتەڕوو بۆ ئەوەی ئەوان تێگەیشتنێکی تەواویان هەبێت بۆ پرسی کورد لەکاتی بڕیاردانداا، هەروەها کارێکی زۆرمان لەگەڵ میدیاکاندا کردووەو لە چەندین رۆژنامەی سەرەکی ئەمریکا راوبۆچوونی خۆمان دەربڕیوە، لەوانەش لە (واشنتۆن پۆست)و (نیویۆرک تایمز) و چەندینی دیکە.

جگە لەوەی لە چەندین دەرفەتدا توانیمانە بۆ کەناڵە ئاسمانی و رادیۆکانی ئەمریکا قسە بکەین و راوبۆچوونی خۆمان بخەینەڕوو، ئێمە لایەنێکی سیاسی نین وەک ئەنستیۆت، بەڵکو رێکخراوێکی سەر بە حکومەتی ئەمریکاین کە بەشێوەیەکی گشتی پرسی کوردو کێشەکانی دەخەینەڕوو.

*** پێتوانییە قەوارەی لێکحاڵی بوون و نزیکبوونەوەمان وەک گەلی کورد لەگەڵ گەلی ئەمریکا لە ئاستێکدایە کە لاوازتر بێت لەوەی ئێمە ئاواتی بۆ دەخوازین؟**

– ئەگەر ئێمە بەراوردی ئەو لێکحاڵی بوونەی ئێستامان بکەین لەگەڵ گەلی ئەمریکا بەر لە ٢٠ ساڵ، هەڵبەتە زۆر زۆر بەرەو پێشچووە، بەڵام ئەگەر خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ هەندێ گەلی تری وەک ئەرمەنی و یۆنانی ئەوە رەنگە ئەو قەوارەیە وەک پێویست نەبێت، بەڵام ئێمە وەک ئەو دەستپێکە پەیوەندییەی هەمانەو ئەو ژمارە کوردەی لێرەن، هەنگاوی باشمان بڕیوە، چونکە تا ساڵی ١٩٧٥ کورد کەمتر لەهەموو ئەمریکا هەبووە، بەڵام لەو کاتەوە کە ژمارەی کوردەکان لەو وڵاتەدا زیادی کردووەو بەم ئیمکانیەتە کەمەشەوە کە هەیە من پێموایە زۆر شت بەدەستهاتووە، زێتر لە هەندێ گەلی دیکەی وەک عەرەب و تورک کە هەندێجار سەریان لەو پێشکەوتنەی پەیوەندی سوڕ دەمێنێ و وادەزانن کە ئێمە ئیمکانیەتێکی ئێجگار زۆرمان لەدەستدایەوە.

# مەسەلەی کورد لە ئەمریکادا ئێستاکە بە مەسەلەیەکی گرنگ زانراوە



*** بەڕێزتان پێتانوایە ئێمە چی بکەین بۆ لێک نزیک بوونەوەو لێکحاڵی بوونی زێتر لەگەڵ گەلانی ئەمریکا؟ لەڕووی تێگەیشتن لە پرسی کوردو پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان؟**

– ئێمە لە دوو لاوە دەتوانین ئەو ئامانجانە بەدیبێنین، یەکێکیان لەڕێگەی ئەو کوردانەوە کە لە ئەمریکان، ئەوی دیکەیان لەڕێگەی حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکان و رێکخراوە حزبییەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستان، بەگوێرەی ئەمریکا ئێمە پێمانوایە ئێمە وەک کورد دەبێ بەشداری لە پڕۆسەی سیاسی ئەمریکا بکەین.

لەوانەش لە پڕۆسەی هەڵبژاردن و لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا، ناکرێت ئێمە وەک خۆمان لە چوارچێوەیەکی داخراودا ببەستینەوە، بەڵکو دەبێ ئەو سنوورە بشکێنین لە ئاستی بەرزەوە تا ئاستی بچووکی شارەوانی و قوتابخانە خۆمان بەوان بناسێنین.

پاشان هەوڵی ئەوە بدەین ئەو کوردانەی کە لێرەن لە ئەمریکا زوو ببن بە هاووڵاتی ئەمریکی بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان هەبێ لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، بەشداربوون لەو پڕۆسانەدا ئەوە نیشاندەدات کە کورد بۆتە بەشێک لە کۆمەڵگای ئەمریکی و وەکو گەلانی دیکە رۆڵی خۆی هەیە لەو پڕۆسانەدا، ئەمە دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ناساندنی گەلەکەمان بەخەڵکی ئەم وڵاتە.

دیسان هەر بۆ ئێمەی کورد لە ئەمریکادا گرنگە ئەگەر ئاوێتەی رێکخراوە سیاسییەکان و رێکخراوی مافی مرۆڤ بین بیروڕاو بۆچوونی خۆمان هەبێ لەمەڕ زۆر پرسی نەتەوەیی.

*** ئایا بەڕای ئێوە تێڕوانینی ئەمریکا ئێستاکەو لەو هەلومەرجەدا بەرامبەر بە کورد تا چەندە؟**

– من پێموایە مەسەلەی کورد لە ئەمریکادا ئێستاکە بە مەسەلەیەکی گرنگ زانراوەو ئەو تێڕوانینە وەک جاران نییە کە بە چاوێکی رەگەزپەرستی تەماشای گەلانی دیکە بکەن، بەڵام نکۆڵیش لەوەدا ناکرێت کە سیاسەتێکی ستراتیژی تەنها بۆ کورد نییە لە ئەمریکادا، سیاسەتی عێراقی، تورکی، سوری هەیە مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەوە دەڕوانێتە پرسی ئێمە، نەک وەک پرسێکی تایبەت بە کورد.



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١١ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM

# ئافرەتی کورد هێشتا لە واقیعێکی توندوتیژدا دەژی



سۆنیا سدیق

لە کۆمەڵگا تەقلیدیەکان کە ئێمەش دەگرێتەوە، کێشەکانی توندووتیژیی لە بەرامبەر ئافرەت هەمیشە ڕێژەی بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگا کراوە و پێشکەوتووەکان. چونکە لەم کۆمەڵگایانەدا تاکەکان زۆر بە توندی بەستراونەتەوە بە دابونەریت وبەها باوە باوەڕپێکراوەکان.

بە ئاسانی ناتوانن باوەڕ بە ئاڕاستەی نوێی بهێنن لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و خۆیان بگونجێنن لە گۆڕان و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان.

فەرموو ئەوە پتر لە تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و هی ئافرەت بە تایبەتی دەگوزەرێ کەچی ئێمە تازە کاردەکەین بۆ ناساندن وچەسپاندنی بەشێکی سەرەتایی لە مافە رەواکانی ئافرەت.

لەم روانگایەوە یادکردنەوەی ساڵانەی هەفتەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت، هەنگاوێکی چاکسازییانەی پۆزەتیڤە لەلایەن حکومەتەکەمان و دەبوایە زووترئەم نەریتە جیهانییە بهێنرێتە نێو کلتوری وڵاتەکەمان. ئیدی لەبەر ئەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمە زیاتر دەچەوسێنرێتەوەو تا ئێستاش مافەکانی وەدەستنەهێناوە ئەوەش زیاتر لە ژێر باری قورسی ستەمدا دەیهێڵێتەوە. بۆنموونە تا ئێستا ئافرەت لەناودەبردرێت بێ ئەوەی لایەنە یاساییەکان "ئاگایان" لێبێت، هەروەها فۆرمی جوراوجۆر لە رەفتاری توندوتیژی لەبەرامبەریدا دەکرێ بەبێ ئەوەی ئافرەت ئاگای لە خۆی بێت وەک خەتەنە کردن ، دەرکردنی لە قوتابخانە بۆ خزمەت کردنی باوک و براکانی ، بەشوودانی زۆرەملێی لەلایەن باوک و برا ومام و هەندی جار لەلایەن دایکیشەوە، پەلاماردانی سێکسی بەهەموو شێوازەکانی لە لایەن مێرد و غەیرەوە، هەندێک جار لەلایەن تاکەکانی خێزانەکەی وەک باوک، برا، مام، خاڵ، ئامۆزا و..هتد.

ئەوانەی باسم کرد هەمووی کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتین قوربانییەکەشی ئافرەتە. بۆیە چارەسەرکردنیان بە ئاسانی ناکرێت وکاری یەکجار زۆری دەوێت.

بەر لە هەر کارێکیش، بۆ ئەوەی بتوانین ئامانجەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی بەدیبێنین دەبێ ئەو ئاراستە نەگەتیڤەی لە هزری کۆمەڵایەتی ئێمەدا چەسپاوە لەهەمبەر ئافرەت و تەماشکردنی لە روانگایەکی جیاوازەوە لە رووی جەندەرییەوە بگۆڕین بۆ رۆانگایەکی مرۆڤانەی سەردەمیانە. ئەوکات دەتوانین هەنگاوەکانمان لە بەرامبەر نەهێشتنی توندوتیژی بەهێزتر و بوێرانەتربکەن.

خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە لەم دەرفەتە ئاماژەی پێبکەم، بۆ ئەوەی بتوانین لە دۆسێی چاکسازیکردنی بارودۆخی ئافرەتی کورد بەسەرکەوتووانە کاربکەین، دەبێ ئەو کەسانەی کاری تێدادەکەن، لە چەشنێک بن نەک تەنها لە رووی رواڵەتدا باوەڕیان بە مافەکانی ئافرەت هەبێت بەڵکو دەبێ لە ژیانی واقیعی خۆیاندا پەیڕەویان کردبێت. بۆنموونە ئەگەر پیاوێک یان ئافرەتێک لەبواری کارکردن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ئافرەت دەسەڵاتێکی بەدەست بوو هاوکات لە ژیانی خۆشیدا ئەو باوەڕەی بە مافەکانی ئافرەت نەبوو تەنها بە مەبەستی گەیشتنە چەند بەرژەوەندییەکی مادی یان خۆناساندن بەو کارە هەڵدەستێ. ئەمە زۆرجار لە دەزگا پەیوەندیدارەکان هەستی پێدەکرێت. تەنانەت دەتوانم بڵێم بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو لە کوردستان. رەنگە ئەمەش یەکێک بێ لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ئافرەت و بەردەوامبوونی کێشەکانی بەرەو ئاستێکی بەرزتر.

بۆیە پێویستە لە بارەی کێشەکانی ئافرەت دەرفەت بڕەخسێندرێت بۆ کەسانی لێهاتوو کە مەرج نیە کەسانێک بن (١٠)تا(٢٠)ساڵ جارێک دەگۆڕدرێن لەبەر هۆکاری مەحسوبییەت، بەڵکو دەبێ ئەو دەزگایانەی کارلە بواری مافەکانی ئافرەت ومرۆڤ بەگشتی دەکەن کەسایەتییەکانی لەسەر بنەمای دەسکەوتی بەرچاوی کرداریان بێت دوورلە شیعاردان و رواڵەتسازی.

*** سەرنووسەری گۆڤاری تاو**



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١٢ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM

دوور و نزیک

# خافڵ .. خڵەفاو.. خڵەفێنراو !!



عەبدولوەهاب عەلی

دەڵێن فلان و فیسارە کەس خافڵ و بی ئاگایە، واتە گەمژەو گێل و نەزانە یاخود کەسێکە کە حساب بۆ پێشهات و رووداو کارەسات و پێش بینیەکان ناکات، یا خەیاڵ و هۆشی لای خۆی نیە و خافڵە لەم جیهان و ژیانە !! چونکە وەک پێویست درک بەهەموو جوڵەو کردارو هەڵسوکەوتەکانی دەوروبەری خۆی ناکات و سەری لە شت و مەسەلەکان دەرناچێت، کاتێک کەسێک خافڵ دەبێت زۆر زوو زەفەری پی دەبرێت و زۆر بە سانای دەستی لی دەوەشێنری یان فێڵ و تەڵەکەبازی بەسەردا دەرباز دەبێت! ئەوکەسانەش کە ئەو کارو رەفتارانە دەکەن بەرامبەر بەکەسی خافڵ، پێیان دەوترێت (خافڵ گیر) و بەو کردارەشیان دەوترێت پەلامارێکی خافڵ گیرانە و کوردە گوتەنی ( بێ فرسەتی) یان (پەلاماری نامەردانە) کە ئەم جۆرە کردەوەیەش زۆر قێزەوەن و ناشیرین و نەفرەت لێکراوە، چونکە بەرامبەر بە کەسێک یان چەند کەس و تاقمێک دەکرێت کە بیرو هۆش و هەستیان باش ناخەنە گەڕو بەکاری ناهێنن بەپێی پێویست!! زۆر جاریش دەبنە قوربانیی بێ عەقڵی خۆیان و زۆر زەرەرمەند دەبن هەتا ئاستی کوشتن و بزربوون و لەناوچوون ! هەمیشەش کەسی خافڵ وەک خودی خۆی بێوەیی و لەسەرخۆو دەست و پی سپیە، کوردە گووتەنی (هیچیان لەباردا نیە) و ناتوانن هیچ جۆرە بەرگرییەکی گونجاو شیاو و پێویست لە خۆیان بکەن، بۆیە زۆر جار ئەم جۆرە کەسانە لەناو کۆمەڵگادا بە دووجۆر سەیر دەکرێن، یان نەزان و بێ فەڕو بێ کەڵک و دەبنە شوێنی تانەو تەشەرە یان بە چاوی شەفەقەو بەزەیی!! ئەو جۆرە کەسانەش کە (خافڵ)ن لەناو کۆمەڵگەی دواکەوتوو کەڕێژەی خوێندەواری کەم و نزم و ئاستی مۆدێرنزمی و تەکنەلۆژیا تیایدا زۆر دواکەوتووە یاخود هەرنیە!! واتە لە کۆمەڵگایەکدا زۆرن کە دابڕاون لە جیهانی سەردەم و پێشکەوتنەکانی و نازانن لەم ژیانەدا چی ڕوودەدات لە گۆرانکاری و بەسەرهات!!، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەسی (خافڵ) هەر بەسروشت خۆی کەنارگیرەو هەر خۆشی حەز بە پەراوێزکردن دەکات و هەمیشەش پێی خۆشە دووربێت لەبەرچاوی خەڵک و نایەوێت رووناکی لەسەر بێت! چونکە توانای جەستەیی و بایەلۆژی خانەکانی مێشک و بیرکردنەوەی یان نەخۆشە یان سست و لاوازە یان هەر لەسەرتاوە چ وەک خۆی و چ وەک خێزان و پەروەدگارەکەی گرنگیان بەبیرکردنەوەو خۆماندووکردن نەداوە!! لەهەندی حاڵەتیشدا هۆکاری میراتگەرایی لە دایک و باوکی و باوباپیرانییەوە بەهۆی ( جیناتە)وە گوازراوەتەوە بۆ ناو جەستەو ئۆرگانەکانی هۆش و عەقڵی ئەم کەسە (خافڵە) کە چارەسەری زۆر زەحمەتە!! بەکورتی (خافڵ) دەیان هۆکاری بایەلۆژی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی هەیە !!

*　　　*　　　*

کەسی (خڵەفاو) ئەمیش جۆرێکە لەو نەخۆشیە بێ چارەسەرو ئاستەمانەی کە رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، کەبەهۆی زۆر هۆکارو ڕێگاوە دووچاری دەبێت، لەوانە نەخۆشی و توانای جەستەیی و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و کەسێتی و هەروەها بیرکردنەوەو سەرقاڵی زۆرو بێ هودەو هەندێ جاریش خۆ لەبیرکردن و بێ ئاگایی و نامۆیی خودی کەسی خڵەفاو بە ئاستی وشیاری و رێژەی بیرکردنەوەو کارکردنی خانەکانی مێشک و عەقڵی !! یاخود هەمیشە ئەو کەسانەی کە دەگەنە ئاست و تەمەنی (خڵەفاو) ی لە بیریان دەچێتەوە، کە ئێستا چین و کێن و چییان پێ ماوە یان چیان لەباردایە، کە زۆر لەم کەسانە ئەوەندە لووت بەرزو بوغران و خۆیان بەشت دادەنێن، وادەزانن هەموو ژیان و ڕەوڕەوەی مێژوو بی ئەوان دەوەستێت، کەچی کاتێ قسە دەکەن یان وتار بۆ خەڵک دەخوێننەوە یان گفتوگۆو هەڵسوکەوت دەکەن هەموو شتەکانیان لێ پێچەوانەیەو بایی فلسێکی قەڵب لەو مەسەلە و بۆچوون و رووداو زەمەنە تێناگەن، کەخۆیانی تێدا بادەدەن و لاف و گەزافی تێدا لێدەدەن! ئەم جۆرە کەسانە دەگەنە ئاستێک کە مێشکیان قەپات دەبێت و قسەی کەسی تریش وەرناگرن و ئامادەش نین گوێی بۆ ڕاو و ئامۆژگاری و ڕاوێژو بۆچوونی بەرامبەرو کەسی تربگرن، یاخود سواری ملی خۆیان دەبن و هەموو کەسێک بەهەڵە دەزانن و هەرخۆشیان بەڕاست دروست، کەئەمەش کارەساتەکەیە !

کەسی (خڵەفاو) جاری واهەیە نەک هەر سەری خۆی دەخوات، بەڵکو دەوروبەرو هەتا میللەتێکیش دووچاری قەیران و نەگبەتی و نەهامەتی و سەرگەردانی دەکات، چونکە لای خڵەفاو یەک بیرکردنەوە هەیە، یەک قسەو یەک را هەیە، کە ئەویش تەنیا هەر هی خۆیەتی، چونکە نازانێ گوێی بگرێت ! نازانێ بیربکاتەوە ! نازانێ دیالۆگ بکات ! چونکە بڕوای بەهیچ لەوانە نیە و شێوازی مەنەڵۆگ لای ئەو پەیڕەو دەکرێت، مرۆڤی عاقڵ هەرچی بکات لەگەڵ کەسی خڵەفاو وەک ئەوە وایە (ئاسنی سارد بکوتی). لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا و لەم وڵاتەی لەمەڕ خۆشمان زۆرن ئەوانەی خڵەفاوون: عاشقی خڵەفاو، بازرگانی خڵەفاو، بەرپرسی خڵەفاو، سیاسی خڵەفاو، هتد......، کەمەحاڵە لەگەڵیاندا هەڵبکەیت، چونکە نەلەزمانی دیالۆک، نەلەزمانی سەردەم، نەلەزمانی دایک، نەلەزمانی نیشتیمان ناگەن و ناشیانەوی تێبگەن و بیزانن، دەردەسەریەکەش لەوەدایە کەس ناتوانێ پێیان بڵێت کاکی برا تۆ خڵەفاوی و بەسە یەخەمان بەردە، بۆ مرۆڤی تێگەیشتوو پێگەیشتووش ناخۆشتیرن شت ئەوەیە، کە گوێی لە خڵەفاو بگرێ یان ناچار بیت لەگەڵیدا کاربکەیت یان بژیت، لەمانەش سەیرتر ئەوەیە خڵەفاوەکان هەموو هۆشمەندەکان و زاناو رۆشنیرەکانی ئێمە بەعانەیەکی قەڵب ناکڕن و دانی خێریان پێدا نانێن و زۆرجاریش شوێن و پێگەو سەنگەرییان لی دەگرن و پێیان چۆڵ دەکەن، چونکە وا پەروەردە بوون و فێربوون یاخود فێرکراون کە دەبێت هەتا هەتایە ئەو لەگەڵ کورسی و بەپرسی و دەسەڵاتدا برا بێت !! لەگەڵ پارەو سەروەت و سامان و شەوانی کریستاڵی و مەخمەڵی برابەش بن و کۆتایی پێ نەیەت و هەرگیز رۆژی ڕووناک نەبێتەوە !! خڵەفاوەکان زۆرن کە نازنن خڵەفاون!! لەهەموو شوێنێکن لەهەموو سەردەم و زەمانێکدا بوون وهەن و دەشبن!! چونکە لەزەمەنی بەسەرچووی خۆیان تێناگەن، یاخود نایانەوێ تێبگەن !!

کەواتە بژی خڵەفاوەکانی کوردستان، چونکە ئێوەن تێر ناخۆن، تینوونابن، کۆڵنادەن، ماندوونابن، نامرن و هەرسەربەرزو سەروەربن!! هەر گەورەو پایە بەرزوشکۆداربن!!!

*　　　*　　　*

خافڵکراوەکانیش هەر زۆرو بۆرن و رۆژ لەدوای رۆژیش شوکور بۆ خوا لەزۆربووندان، چونکە دەنگیان، رەنگیان، هەست و هۆشیان لی زەوت کراوە، ئەمانەش خەسێنراوون دەستیان گرتووە بە کڵاوەکانیانەوە تا با نەیبات، عەقڵیان گۆڕیوەتەوە بە شێتی و بێ دەنگیان لە جیاتی هاوارو نەعرەتە هەڵبژاردووە، ئازادیان لەگەڵ بەندینخانە ژن بە ژن پێکردووە، خۆشی سەروەت و سامانیان بە زاهیدی و برسیەتی و نانە سکێتی گۆڕیوەتەوە..

شەرم و حەیاو حورمەتیان کەوتۆتە ژێر پێ و رەحمەتی کۆمەڵی چەتەو جەردەو چەرچی بێ ئابڕوویی ناو مێژووەوە، چونکە خافڵکراوەکان خافڵگیر کراوون و قوتارییان نابێت، شەڕ یان ئاشتی، دیالۆگ یان نەفرەت، دووری یان نزیکی، لێ تێگەیشتن یان تێ نەگەیشتن، دادیان نادات!! بۆیە خافڵکراوەکان باشترە هەر خافڵبکرێن و هەر بە خافڵکراوەیی بژین، چونکە مرۆڤێک ئەگەرخەشیمانە مامەڵەی کرد یان نەشارەزایانە سەفەری کرد چی لێ بەسەر بێت و تووشی چ دەردەسەرییەک بوو خەتاو گوناهی خۆیەتی و با باشیش بزانێ پەشیمانی دادی نایەت !!!! کوردە گووتەنی ( با بۆخۆی هەتا ماوە سیر بخوات و زوڕنا لێیدات)..



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١٣ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM

# با هەوڵ و کۆششەکانمان دژ بە توندوتیژی یەکبگرنەوە



د. ئاریان خالص جەواد

ئافرەت لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەو بایەخدانیش بە بارو رەوشی ئافرەت پێوەرێکی وارییە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ئەم کۆمەڵگەیەو برەوپێدانی لە پەیژەی کۆمەڵایەتیدا نە تەنیا لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و سەربەخۆ لە ویست و ئارەزووەکانیدا بەڵکو بۆ دروستکردن و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکبنیایی لە رووی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

بابەتەکانی ئافرەتیش پێویستی بەدیدێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی بابەتیی هەیە بۆ ئەوەی لە رووی ئاستی کۆمەڵایەتییەوە تاوتوێ بکرێن و برەویان پێبدرێت و ئاستەنگی بەردەمیان لاببردرێن بەشێوەیەک لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا گونجاوبێت و ویست و خواستە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بەدیبهێنیت و هێڵ تەریب بێت لەگەڵ ئەو ئاراستە هێڵەی کۆمەڵگە بە نەشونما دەهێنێت و بەرەو رووی ئەو هەموو ئاستەنگ و لەمپەرانەش ببێتەوە کە کاریگەری خراپ بەسەر رەوشی گەشەسەندن و برەوپێدان دەبنەوە کە لە هەرێمی کوردستاندا ئێستاکە پەیڕەو دەکرێ.. دیاردەی توندوتیژیش دژ بە ئافرەتان دیاردەیەکی کۆمەڵگەیی فرەڕەنگ و شێوەیەو واتای گرتنەبەری هێزو رقەکاری بەخۆوە دەگرێت.. وەیاخود مانای ئەو کارە دەگەیەنێت کە خەسڵەتی دوژمنکاری و ناحەزکاری تیادایە بە ئامانجی چەوساندنەوەی بەرامبەرو ژێردەستەکردنی.

هەرچەندیشە ئەم دیاردەیەی توندوتیژی لە جیهاندا باوە بەڵام لە رووی رێژەی روودانییەوە بە گوێرەی کات و شوێن، گۆڕان بەخۆوە دەبینێت.. دیراسەت و تۆژینەوەکانیش ئەوە دەسەلمێنن ئەو رێژەیە هەر چەندێک باری ئەمن و ئاسایش روو لە خراپی بکات و کێشەش بکەوێتە بەردەم کۆمەڵگەو کارەسات و نەهامەتی سیاسی و ئابووری و سروشتیش ببێتە دیاردەیەکی نێگەتیڤی کۆمەڵایەتی دیاردەکە ئەوەندە لە زیادیدەدات.

تەرخانکردنی هەفتەی تایبەت بە توندوتیژیش دژ بە ئافرەت کارێکی تەواو گرنگە چونکە ئەم لایەنە دەبێت هەڵوێستێک بێت بۆ هەر کەسێک بگرە لە مەیدانی کاروباری ئافرەتانەوە کار بکات یان نا.. نیشاندانی ئەم هەڵوێستەش پڕ لە بایەخەو پێویستی بە بوێریی و ئازایەتی هەیە.. لەم ئاراستەشەوە پێویستە هەڵوێست دژ بە دیاردەی توندوتیژی لە بەرامبەر ئافرەتدا بکەینە بەشێک لە کارو ئەرک و ئەجنداکانمان، مەبەستیش لێرەدا دانانی بەرنامە حکومی و ناحکومییەکانە لەم بارەدا بۆ ئەوەی بتوانین لە رێژەی ئەم دیاردەیە کەمبکەینەوەو هەمیشە لەبەرچاو خۆمانی دابنێین بەهۆی ئەو پێشینەکارانەی لە رووی سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەوە کاریگەری دەنوێنن لەم بوارەدا کە لە دواییدا وا دەکات کێشەی ئافرەت دووربێت لە کارە بەراییەکان و ریزبەندی چارەسەرکردنیان. مامەڵەکردنیش لەگەڵ ئەو دیاردەیەو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان پێویستە لەنێو بەرنامەیەکی کامڵ و بەردەوامدا رێکخرابێت بە بەشداری هەردوو کەرتی حکومی و ناحکومی(کۆمەڵگەی مەدەنی).

تەرخانکردنی ئەم هەفتەیەش نە تەنها گرنگییەکی تایبەت بە کوردستان بەخۆوە دەبینێت بەڵکو گرنگییەکی جیهانیی تیادا بەدیدەکرێت کە پێویستی بە پیاداچوونەوەیەک هەیە بەسەر تەشریعاتە خۆجێی و یاساکاندا لە پەرلەمانی کوردستان تا وەکو لە ئەنجامدا مافی پاراستنی ئافرەتی تیادا رەچاو بکرێت لەرووی یاساییەوە.

لە کارو ئەجندا ستراتیژییەکانی حکومەتی کوردستان کە رێبازێکی بەردەوام و کامڵبووی بەخۆوە گرتووە لە زۆربەی زۆری وەزارەتەکانی کە لە ئەرک و بەرنامەکانیان پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کێشەی ئافرەتەوە هەیەو دەردەکەوێت کە پلاندارێژییەکانیان یەکێکیان تەواوکەری ئەوەکەی دییەو نزیکەی یەک دەهە ساڵێکیشە حکومەتی هەرێم ئەم رێڕەوەی گرتۆتەبەر، ئامانجیش لەم کارو بەرنامە ستراتیژیانە بچووککردنەوەی بازنەی ئەم توندوتیژییەیە بۆ کەمترین رێژە بەڵکو هەتا دانانی سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیە.

لێرەشدا بە پێویستدەزانرێت لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەتایبەتیش رێکخراوە ناحکومییە ئافرەتی و غەیرە ئافرەتییەکان رۆڵی تەواوکەریی خۆیان ببینن لە هەوڵ و کۆششەکانی حکومەت لەم بوارەداو ببنە ئەڵقەیەکی بەیەکەوە گەیاندن و بەیەکبەستنەوە لە نێوان جەماوەرو حکومەتداو جەماوەر بگەیەنێتە ئەو ئاستەی ئامادەباشی هەبێت بۆ قەبووڵکردنی رووەکەی دیکەی کۆمەڵگە کە دەڕوانێتە ئاسۆیەکی نوێ لە بیناکاری و لە ئاوەدانکردنەوەدا.. پێویستیشە لەسەر دامودەزگاکانی میدیای کوردی بانگەشە دژ بە ئەم دیاردەیە بە ئەستۆوە بگرێت و بە زیرەگی مامەڵە لەگەڵ رەهەندە جیاکانی ئەم دیاردەیە بکات و لەکاتی شیاوی ئەنجامدانیشی بگات. رۆڵی پیاوانی ئایینیش زۆر گرنگ و جێگەی بایەخە لەبەرە ئەوەی رۆڵێکی زیندووەو سەدایەکی گەورەو بیستراوی هەیەو چەندین رەهەندی کۆمەڵگەیی جیاواز بەخۆوە دەگرێت هەر بۆیەش وا پێویستدەخوازێت تەواوی هەوڵ و کۆششەکان لە بۆتەی وەحی و ئیلهامی ئایینی گەورەی ئیسلامدا یەکبگرنەوە، رۆڵی تاکی کوردیش بە پیاو و ئافرەتەوە پێویستە تیشکی بخرێتەسەر لەژێر رۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە خێراو بەردەوامانەی بەسەر هەرێمدا تێدەپەڕێت. نواندنی ئەم رۆڵەش، پێویستە زەمینەیەکی بە پیت بەرهەمبهێنێت بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەم بازنەیەو گرتنەبەری رێگەچارەی جیاجیا بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەک کە بگونجێت لەگەڵ رەوشی ئاییندەماندا بەهۆی جیهانگەرایی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی نێودەوڵەتی نوێ و رەچاوکردنی باری جوغرافیایی لە کوردستان.

*** ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکانی ئافرەت و منداڵبوون لە کوردستان**



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١٤ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM

# لەنێوان کۆمەککردن و سیستماتیزەکردنیان، جیاوازی هەیە ..!



عەدالەت عەبدوڵڵا*
سکرتێری نووسینی کوردستانی نوێ

ڕەنگە لە دوو مانگی ڕابردوودا ئەوە یەکەم جاربێت کاربەدەستێکی ناوحکومەتەکەی مالیکی بەو ئەندازەیە بوێربێت و داکۆکی ڕاستەوخۆ ( بەڵام فریودەرانە) لە هەڵوێستی مالیکی بکات لەمەسەلەی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی ئیسناددا. جاسم محەمەد جەعفەر-ی وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی ئەلشەرق و لئەوسەت-ی چاپی لەندەن و بەغدا(٢٦/١١) لەبارەی ئەو ڕەخنانەی کە زیاتر لەقەوارەو هێزێکی سیاسییەوە لەسیاسەتی تاکڕەوانەی ئەم دواییانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەگیرێن، وێنەیەکی دیماگۆگییانەی لەسەر شێواز و چۆنیەتی سەرهەڵدانی بڕیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد خستۆتەڕوو. جەنابی وەزیر ! لەم لێدوانەدا دەیەوێت بەخەڵکی عێراق و هەموو هێزە سیاسییەکانی بڵێت بڕیاری مالیکی بۆ پێکهێنانی گروپەکانی ئیسناد بڕیارێکی تاکڕەوانە نییە، هیچ ڕەهەندێکی سیاسی و حزبیشی لەپشتەوە نییە تەنها ماخۆلانێکی ئەمنیی حکومەت نەبێت بۆ دابین کردنی ئاسایش لەناوچە جیاجیاکانی عیراقدا. ئەم بەرێزە لە لێدوانەکەدا نەک تەنها پاساوێکی ڕووتی ئەمنی بۆ ئەو بڕیارە دەهێنێتەوە، بەڵکو واش پیشان دەدات تەواوی وەزیرانی حکومەتی مالیکی لەم بڕیارە ئاگادارو بەشدارن و قبوڵیان بووەو مالیکی لەڕێی دەنگدان و ڕاوێژ لەگەڵ وەزیرەکانی کابینەکەیدا گەیشتۆتە ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد پێک بهێنێت.

هەر چاودێرێک نەچێتە ناو ووردەکاریی لێدوانی ئەم وەزیرەی عێراقەوە، واتێدەگات مانای قسەکانی جەنابی وەزیر وابێت تەواوی وەزیرە کوردەکان بە د. بەرهەم-ی جێگری سەرۆک وەزیریشەوە پەنجەی ڕازیبوونیان بۆ پێکهێنانی ئەو گروپە عەشائیرییانە هەڵبریبێت کە ئەمڕۆ لەگوتاری ڕەسمیی هەرێمی کوردستان و شەقامی کوردیدا بە جاش لەقەڵەم دەدرێن. ئەگەر زۆر ووردنەبینەوە لەوەی بەچ لۆژیکێک ئەم وەزیرە دێت و پاساو بۆ ئەو نیازە ترسناکەی مالیکی دێنێتەوە، دەستبەجێ گومان دەخەیتەسەر دڵسۆزیی برادەرانی خۆمان لەناو کابینەکەی مالیکیدا، بەڵام کاتێک دەبینین ئەم وەزیرە هەموو ئەو بیانووانەی دەیهێنێتەوە بۆ ڕەوایەتیدان بە پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد تەنها ئەوەیە کاتی خۆی وەزیرەکانی حکومەت دەنگیان بە کاراکردنی ڕۆڵی عەشایەری عیراق داوە لەپشتیوانیکردنی پلانی ئەمنی سوپادا، ئینجا بۆمان ڕوودەبێتەوە کە ئەو پاساو بیانووانەی دایاندەتاشێت چەند لاواز و بێ بنەماو ناڕەوان.

ئەگەر لەمانگی ئازاری ئەمساڵدا و بۆ سەرکەوتنی پلانی ئەمنی و پرۆسەکانی ( صولە الفرسان)، وەزیرانی حکومەت دەنگیان بۆ کۆمەککردنی عەشایەری عێراق دابێت کە پشتیوانی سوپا بکەن، ئەوە ئەم دەنگدانە هەرگیز بەمانای ڕازیبوون نییە بەوەی ئەم کۆمەککردنە بەپێکهێنانی قەوارەی عەشائیری ڕێک بخرێت. وەزیرانی حکومەت دەنگیان بۆ ئەوە نەداوە لە پاڵ سوپادا قەوارەی میلیشیاتیی عەشایەریش هەبێت، بۆ ئەوەیان نەداوە ئەم قەوارە عەشائیرییانە ڕەهەندێکی یاساییان بدرێتی لەکاتێکدا هیچ یاسایەک لەپەرلەماندا پەسەند نەکراوە ڕەوایەتی بە پێکهێنانیان بدات. دەبێ هەموو لایەک ئەو ڕاستییە بزانن دەنگدان بۆ کۆمەککردنی عەشایەر تاهاوکاریی سوپا بکاو چاوساغی بێت زۆر جیاوازە لەوەی حکومەت بێت و بەشێوەیەکی ڕەسمی فۆرمی ئەندامێتی و پەیوەندییان بۆ ڕێکبخات و چەکداریان بکا و بەریان بداتە ناو شارەکانی عێراق تەنانەت ئەگەر زۆر شاریش پێویستیی پێ نەبێت. ئەگەر مالیکی پێی وابێت دەنگدان بۆ کۆمەککردنی عەشایەر بەمانای کردنیانە بەقەوارەی میلیشیاتیی ڕەسمی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانی پێدابنرێت، ئەوە بەهەڵەداچووە، یەکەمین پەرچەکرداریش کە پێی گەیشت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم تەفسیرە بۆکۆمەککردنی عەشایەر تەنها لەهەرێمی کوردستانەوە نەبوو، بەڵکو لەدەستەی سەرۆکایەتیی کۆمار و لەئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی هاوپەیمانی حزبەکەی خۆیشەوە بوو، بۆیە بێ مانایەو تەواو کارێکی بێ سوودە بەم بیانوو و پاساوە لاواز و دیماگۆگییانەوە شەرعییەت بە پێکهێنانی هێزەکانی ئیسناد بدرێت، وەک چۆن تەواو بێ هوودەیە لەڕێی ئەم تەفسیرە سادەو نەزانستییانەوە هەڵوێستی تاکڕەوانەی حکومەتی مالیکی پەردەپۆش بکرێت.

adalat74@gmail.com



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١٥ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM

# تورکیا.. ململانێی سیاسی و قەیرانی ئابووری (ئیشق لە هەرێمی کوردستان)



حەسەن ئەحمەد مستەفا

بارودۆخەکانی نێو تورکیا کەوتە بەردەم هەڵدانەوەی زۆرێک لە دۆسیە نهێنییەکان، لەو کاتەوەی ئەردۆغان هات بۆ بەغدا، جۆرێک لە پەیوەندی ژێر بە ژێری سوپاو حکومەت ئاشکرا بوو.

پرۆفیسۆری ماف (مەتحەت سانجار) لە رۆژنامەی تەرەفی تورکی پەردەی زیاتر لەسەر ئەم پەیوەندییە لە ئێستاوە هەڵدەداتەوە، ئەو دەنووسێت سەرفەرمانداری سوپا، کێشەی کوردی داوەتە دەست ئەردۆغان بەگوێرەی هەمان ژێدەر دەنووسێت: لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا باشبوغ بە ئامادەبووانی گوت: ئێوە لە گورەپانەکە بن، بەڵام قسەکانی ئێمە بکەن.

زۆرێک لە کار بەدەستانی تورکیا ساغ نەبونەتەوە ئاخۆ سەرکەوتنی پارتی دەسەڵاتدار لە ناوچە کوردییەکان زەرەر یان قازانجی هەیە، هەندێ وای دەبینن کە ئیدی گرفتەکە چارە دەبێ ئەگەر نفوزی پەکەکە و DTP نەمێنێ و بەجیهانی پیشان بدەن کە گوایە پارتە کوردییەکان دەنگیان نەهێنا.

کەسانێکی وەک پرۆفیسۆری ناوبراویش بابەتەکە تەواو بە پێچەوانە دەبینێ و پێیوایە ئەم هەنگاوە تورکیا بەرەو پارچەبوون دەبات. لەڕاستیدا کەسانێک لە کوردەکان و تورکەکان بەتایبەتی چاودێرانی سیاسی لەوەدا توشی شۆک بوون، کە پارتی داد ئەو هەموو نەژادپەرستییەی لەخۆی نیشاندا، زورێک رایان وایە کارەساتی بەدواوە دەبێت، رۆژانە دیموکراسی تورکیاو مودێلی دەسەڵاتداری پارتە ئیسلامییەکە دەکەوێتە بەردەم رەخنەی توند، نووسەرێک ئاوا دەڵێت: "ئەمە دیموکراسی نییە هەیە، بەڵکو عاجباتیەو پارتی دادیش بەم عاجباتیە رازییە". کاتێ خۆی لەبەرنامەی دۆسییەی هەفتەی زاگروس ئەوەم شرۆڤە کرد کە ئیتر دوای دادگایی کردنەکە پارتی داد بێ روڵ و کاریگەری دەبێ، ئەمڕۆش بە ئاشکرا دیارە سوپا روڵی خۆی (مەرج نییە ئەرێنی بێت) داوەتە پارتی دادو گەشەپێدان، هەر بویە لە سەر زاری بەڕێز (ئەردۆغان) یش چەندین وشەو رستەی توند دەرکەوتن.

هەواڵەکەی ئینتەرنێت هەبەر لە٢٣ی نوڤەمبەری ٢٠٠٨ تا رادەیەک حەقیقەتی وەزعی AKP نیشان دەدات، لە هەواڵەکەدا دێت: ئەردۆغان سەرۆک وەزیران رایگەیاند ئەگەر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ پارتەکەمان AKP سەرنەکەوێت و نەبێتە پارتی یەکەم لە تورکیا دەست لە کار دەکێشمەوەو کوتایی بە سیاسەت دێنم.

گرەوی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ناوبراو زیاتر کەوتوتە سەر هەرێمە کوردییەکان لەبەر ئەوە زیاتر گرژی و ناکوکییەکان کەوتنە دیار بەکر و وان و جەزیرە..... هتد.

لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانەی پارتی دەسەڵاتدار ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتە کوردییەکە رایدەگەیەنێ کە پارتی داد دەیەوێت هەموو دونیا بخاتە ژێر دەستی خۆی بۆیە هەستی خەڵکیش پێشێل دەکات.

ئەو لەوە نیگەرانە کە قسەی کەسە توندڕەوەکانی جاران، ئێستا لەلایەن ئەوەوە بە زیادەوە دەگوترێنەوە، فوڕات نیوز زیاتر لەسەر ئەحمەد تورک دەدوێت و باس لە نیگەرانیەکەی دەکات بەتایبەتی قسەکەی وەزیری بەرگری کە گوتبووی ئەگەر ئێمە روم و ئەرمەنییەکانمان چارە نەکردبایە خاوەنی دەوڵەت نەدەبووین، تورک پێیوایە ئەم قسەیە واتا کوردەکانیش کوسپن لەبەردەم ئارامی تورکیا.

سەنتەری ستراتیژی پولیتیکا ریسێرچەر لە نێوەڕاستی ئەم مانگە (نوڤەمبەری ٢٠٠٨) راپرسییەکی ئەنجامداوە بەگوێرەی دەرەنجامەکانی ٦١٪ بەشداربووان لەو باوەڕەدان کە ئەو دەنگانەی دەربارەی گەندەڵی لە تورکیا لە ئارادان راستن، نێوەندەکە رایدەگەیەنێ کە لەمانگی رابردوو قەیرانی ئابووری بە رادەیەک خەڵکی بەخۆی مەشغوڵ کردبوو کە تەنها ٢و٣٪ ی خەڵکەکە باسیان لە بەئەندامبوونی تورکیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

٦٠٪ی بەشداربووان لەو بڕوایەدا بوون پارتی دادو گەشەپێدان کار بۆ لەناوبردنی گەندەڵی ناکات، چاودێرانی سیاسی و رۆژنامەنووسان باس لەوە دەکەن کە ئێستا پەکەکە شەڕی پارتی داد دەکات و دەوڵەتی لەبیر کردووە، بابەتێکی رۆژنامەنووس دوغان ئەرتوغرول لە رۆژنامەی ستار ئەوە بەرجەستە دەکات کە بە مەرامی سەرکەوتن لە هەڵبژادنەکان پەکەکە بەخوکەوتووەو شەڕی پارتی داد دەکات، چونکێ هەڵبژادنەکان چارەنووسسازن بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر (بەقسەی رۆژنامەنوس) پەکەکە چالاکی سیاسی دەکات.

ناوبراو حکومەت هاندەدات دانبنێ بە ناسنامەی کوردو پەرە بدات بە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە و باری ئابووریدا. کەچی بە پێچەوانەی ئەم بیرۆکەیە هەواڵێکی رۆژنامەی ئوزگوز گوندەم ئاماژەی بەگرتنی ٣٦ ئەندامی دیکەی پارتە کوردیەکەدا کە تەنها لە دوو هەفتەی یەکەمی مانگی ٢٠٠٨/١١ ژمارەی گیراوەکان دەبێتە ١٦١ کەس کۆنفرانسەکەی سەبارەت بە رەشەکوژی شاری دەرسیمیش کە لەپەرلەمانی ئەوروپا سازکرا، تا رادەیەک لەلایەن تورکیا رەتکرایەوە کە ئەردۆغان و بەرپرسانیان رایانگەیاند چاومان لە ئەوروپا بوو دژی تیرۆر لەگەڵ ئێمە بن.

**ململانێ لە هەرێمە کوردییەکان چارەنووس دیاری دەکات..**

لە کونفرانسەکەدا سەروکی فیدراسیونی ئەرمەنەکانی ئەوروپا ئامادەبوو، ئاماژەی بەوەدا کە سیاسەتی تورکیا، بەرامبەر کوردو ئەرمەن وەک سیاسەتی نازییەکانە بەرامبەر جولەکەکان، داواکرا کە تورکیا کۆکوژی شاری دەرسیم وەک جینوساید قەبوڵ بکات، بەگوێرەی کۆمپانیای راپرسی "TNSPR" دەنگەکانی پارتی دادو گەشەپێدان رۆژ بە رۆژ لە دابەزیندایە هور هەبەر لە ١٧ی نوڤەمبەری ٢٠٠٨ دەرەنجامەکەی کۆمپانیای ناوبراوی راگەیاند کە بەم چەشنەیە، تەنها لە ١٥ی مانگی رابردوو، ٧و١٪ی دەنگەکانی پارتی داد دابەزیووە.

بەگوێرەی راپرسیەکە

| | |
|---|---|
| AKP | ٣٤٫٣٪ |
| CHP | ١٣٫٩٪ |
| MHP | ٢٤٪ |

رایەکەی میتهات سانجار کە لە رۆژنامەی تەرەف بڵاوی کردەوە وەک رای پرۆفیسۆری ماف مەتحەت سەنجارە، ئەم پرۆفیسۆرەش باس لەوە دەکات کە AKP لەگەڵ سوپای تورکیا رێککەوتووەو بەگوێرەی رێکەوتنەکە پارتی داد سیاسەتەکانی سەر فەرمانداری سوپا جێبەجێ دەکات، ناوبراو ئەم ستراتیژەی پارتی داد بۆ ناوچە کوردییەکان بەمەترسیدار دەزانێ، ئەویش دەڵێت: بە سەرکەوتنی پارتی داد لەم ناوچانە نەک کێشەی کورد چارە نابێ، بەڵکو بارودۆخێکی مەترسیدار دروست دەبێ، رەخنەش دەگرێت لە گوتاری نەتەوە پەرستانی پارتی ناوبراو کە زیانی بو تورکیا هەیە.

جێگرە کوردە تازە دەست بەکاربووەکەی پارتی داد عەبدولقادر ئاکسو لە لێدوانێکیدا داکوکی لەوە دەکات لەلایەک دژایەتی ئەوان بۆ پەکەکە بەردەوام دەبێ و لەلایەکی دیکە پەرە دەدەن بە سیستەمی دیموکراسی، سەرکردەکانی پەکەکە لە دەرەوەو بەرپرسە سیاسیەکانی کورد کە لە ناو پارتی کۆمەڵگەی دیمورکراتی شوێنی خویاندەگرن، بەبێ متمانەیی تەماشای بەڵێنی بەرپرسانی پارتی داد دەکەن.

**قەیرانی ئابووری، چیتر نە شاردرایەوە**

روژنامەنوسێک بۆی نوسیبووم، لە شرۆڤە روژنامەوانییەکانت، لەسەر تورکیا بایەخێکی زیاد لە پێویست بە بواری ئابووری دەدەیت، بە ئیمێڵ ئەمەم بۆی نووسی: "ناچارم وا بکەم، لەشکر کە سکی تێربوو، دەتوانێ رۆڵ ببینێ، وەک مار وایە لەسەر سکی برسی و پێچەوانەوە، ماسولکەکانی کار ناکەن و ناتوانێ بڕوات. شەڕی دنیا بەشێکی گرنگی لەسەر ئابورییە، شەڕە کولۆنیالیەکانی گێتی، بۆ دەست بەسەرداگرتنی جوگرافیا و ئابووری بوون. شەڕەکانی ئەمڕۆش بۆ مسۆگەرکردنی ئابووری ئایندە و ئاسایشی ئابووری دەکرێن، تورکیاش پەیوەندی



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١٦ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM

نزیکی لەگەڵماندا هەیە و باری ئابووری ئەم وەڵاتە کار دەکاتە سەر هەڵویست و بەرنامەکانی لە ئێستا و ئایندە، کوردستانیش شوێنێکی ئابووری گرنگە بۆ ئایندە".

تورکیا چیتر نەیتوانی خۆی بەرامبەر قەیرانی ئابووری نێودەوڵەتی خۆی رابگرێت و دەست بکاتەوە، ناچار، دانی نا بە دووچاربوونی بەم گرفتە، بویە هەروەک لە مانشێتەکەی جمهوریەت لە ٢٤ی نوڤەمبەری ٢٠٠٨ داهاتبوو (تورکیا خوی خستە باوەشی سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە) سەرچاوەی ناوبراو پشت بە ئاژانسی رویتەرز دەبەستێ و ئاماژە دەکات بە بڕیاری سندوقەکە بۆ پێدانی ١٩ ملیار دۆلار قەرز بە تورکیا.

تورکیا خۆی لەوە بە زیاترەزانی و چەندین جاریش ئەردۆغان رایدەگەیاند لە سندوقی دراو قەرز وەرناگرێت، قسەکەی ناوبراو بەهەموو شوێنی لە تورکیا دابڵابووە کە دەیگوت قەیرانەکە بە تەنیشتماندا دەرباز دەبێ، بەڵام نامانگرێتەوە، تورکەکان بۆیە کارەکەیان بەلاوە زەحمەت بوو، چونکە ئابووری تورکیا لە بەرواری وەرگرتنی قەرزەکەوە دەکەوێتە ژێر چاودێری سندوقە نێودەوڵەتیەکەی دراوەوە.

ئولیڤەر برانکارات ئابووریناسی سەرەکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە رۆژنامەیەکی سویسری راگەیاند، کە قەیرانی ئابووری نێودەوڵەتی لە داهاتوودا خراپتر دەبێت و لەوانەیە دوای ساڵی ٢٠١٠ بەرەو چارەسەر بوون بچێت، دەیویدنولان رێکخەری تورکیاو ئەوروپای کۆمپانیای (گینورس فاینانشیاڵ)ی ئەمریکی بۆ رۆژنامەی ئاکشامی تورکی دواوەو لە بەرواری ٢٣ی نوڤەمبەری ٢٠٠٨.

لەویب سایتی سون سایفا بڵاوکرایەوە کە رێژەی بێکاری لە تورکیا رۆژانە لە بەرزبوونەوەدایە، هەر بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی دیکەی رابردوو ژمارەی بێکاران تەنها لە مانگی ١٠ دوو بەرامبەر زیاتر بووەو ساڵی ٢٠٠٩ تورکیا رووبەڕووی کێشەی بێکاری دەبێتەوە و لەوانەیە ژمارەی بێکاران بگاتە ٣ ملیۆن کەس.

ئەوەی جێگەی راڤەکردنی زیاتریشە کارتێکردنیتی لەسەر عێراق و ناوچەکە (نەت گازەتە) لەنێوەڕاستی مانگی نوڤەمبەری ٢٠٠٨ ئاماژە بە ئاماری دەزگای ئاماری تورکیا دەکات، کە لەمانگی ئوکتوبەری ٢٠٠٨ کردنەوەی کۆمپانیای نوێ ١٩٪ کەمبوتەوە و ئەو کۆمپانیانەش کە داخراون ٤٠٪ زیادی کردووە، لە هەمان بەرواری ئاماژە پێدراودا کردنەوەی کۆمپانیای بازرگانی نوێ ٤و٩٪ کەمبۆتەوەو ئەو کۆمپانیا بازرگانیانەش کە دانراون ٤و٦٤٪ ە.

دەزگای نێودەوڵەتی ساندار & پورس. ئاستی ئابووری تورکیای یەکەمجار لە پوزەتیڤەوە هێناوەتە سەر سفرو بەم دواییەش لە سفرەوە هێناویەتە سەر نیگەتیڤ.

کۆمپانیای Stand and poor ی نێودەوڵەتیش ئاستی بارودۆخی بانکەکانی تورکیا لە باشەوە هێنایە مامناوەندی و ئێستاش بۆ ئاستی خراپی هێنایە خوارەوە. بڕیارەکەی کۆمپانیای ناوبراو کاریگەری خراپی کردە سەر بۆرسەی تورکیاو بەشی بانکەکان لە بورسە بەیەکجار ١٠٪ دابەزینی بەخویەوە بینی.

لە درێژەی هەواڵە ئابووریەکاندا ئاژانسەکانی نێوبراو ئاماژە بە ئەردۆغانی سەرەک وەزیران دەکەن کە رایگەیاندبوو قەیرانی ئابووری جیهانی کاریگەری لەسەر تورکیا ناکات، بەڵام فارووق جەریک وەزیری کارو کومەڵایەتی دەڵێت: قەیرانی ئابووری کاریگەری لەسەر تورکیا دەکات و زیاتریش لە رووی پارەی نەقد(کاش) و بانق و سولفەوە، وەبەرهێنانی دەرەکی دەبێت. پێشتر ئەو کاڵایانەی وەبەرهاتوو رەوانەی ئەورووپاو ئاسیاو ئەفریقاو شوێنەکانی دیکەی دنیامان دەکرد. بەڵام ئێستا ئەو شوێنانە دەڵێت ئێمە کاڵاکانتانمان ناوێت، ئەمەش بێگومان دەبێتە هوی زیاتربوونی بێکاری.

پرۆفیسۆر دکتور کورکوت بوراتاڤ دەربارەی قەیرانی ئابووری بۆ ئاژانسی ئانکاری تورکی دوا و دەڵێت: کاریگەری نەرێنی قەیرانەکە لەسەر تورکیا دەست پێدەکات تا ساڵی ٢٠١٠ ش بەردەوام دەبێت، بەڵام دیار نییە دوای ئەم بەرواره چی روو دەدات.

ئینتەرنێت ئاژانسی تورکی بە وەبیرهێنانەوەی قسەیەکی ئەردۆغان کە ئینکاری قەیرانەکەی دەکرد ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەمجارە ئەردۆغان بەوریاییەوە قسە دەکات و دەڵێت: ئیدی ناتوانین بڵێین قەیرانەکە کاریگەری لەسەرمان نییە. لەسەر هەمان بابەت خەبەر ئێکس لە ٢٢ نوڤەمبەری ٢٠٠٨ باس لە کورشات توزمەن وەزیری دەوڵەت بو کاروباری بازرگانی دەرەوە دەکات، کە پێیوایە هێشتا کەس نازانێ ئەو گرفتە جیهانییەی بەسەر ئابووری هاتووە چەندە قووڵە، چونکە بنەکەی دیار نییە، پێویستە هەموو لایەک لەلای خویەوە هەوڵ بدات.

ئەگەر بمانەوێت میوەیەک لە دار بکەینەوە ئەوە پێویستە پێشتر ئاوی بدەین، ئاوەکەی سلفەی بانکە، راستە هەناردەکانمان بو ئەوروپا کەم بوتەوە، بەڵام بو سوریا ٤٠٪ بو ئێران ٦٠٪ بو عێراقیش، ٣٥٪ هەناردەکانمان زیادی کردووە. تورکیاش دەتوانێ و شانسی ئەوەی هەیە بە رێگای وڵاتە دراوسێیەکانی خوی لەم قەیرانە دەرباز بکات.

لەوانەیە ئەوان بێ ئاگا بن کە عێراق ناتوانێ خوی لەم قەیرانە بپارێزێ و بێتە فریادڕەسی تورکیا، ئەمەش لە سونگەی قسەکەی کوشاد توزمەنی وەزیری بازرگانی، چونکە هەواڵەکان لە بەغداوە رایانگەیاند کە دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی لە عێراق بودجەی مەسرەفی دامەزراوە سیادیەکان کەم دەکەنەوە، ئەوەش سەروک کومار و وەزیران و پەرلەمان و تەواوی دەزگا و دامەزراوەکان دەگرێتەوە.

ئەمەریکا زیاتر لەهەموان بەرهەقە قەیرانەکە بیگرێتەوە، لەوەها حاڵەتێکدا کاردەکاتە سەر سیاسەتەکانی لەعێراق و کاریش دەکاتە سەر باری ئابووری عێراق.

رۆژنامەنووس (مەلیحە ئوکور) لەسایتی گازەتە ئوکو لە ١٩ی نۆڤەمبەر لەبابەتێکی خۆیدا باس لەم قەیرانە دەکات کە رووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، هانی تورکیا دەدات بەبێ مەرج لەگەڵ هەرێمی کوردستان دانوستاندن بکات، ئەوەش بۆ ئەوەی هەموو لایەک پێکەوە رووبەڕووی گرفتە ئابوورییەکە ببنەوە، ناوبراو باس لە هەرزانبوونی نەوت دەکات کە ئەوەش لەرێژەی بودجەی ساڵانەی عێراق و خەرجییەکانی دەهێنێتە خوارەوە.

لە ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ ئێن تیڤی تورکی راپۆرتە هەواڵێکی لەسەر کردنەوەی زانکۆی ئیشقی لەهەولێر هەبوو، کە ئاماژە بە بەشداری نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەکات، سەرچاوەکە لەمیانی وتارەکەی نێچیرڤان بارزانی ٤ خاڵی بەرجەستە کردوون لەسەروویان بارزانی خوازیاری هەماهەنگی ئابوورییە لەگەڵ تورکیا، پاشان گەشەکردنی دیالۆگ و دەستتێوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی یەکتر، هەروەها بارزانی داوا دەکات تورکیا بەڕاستی وەکو خۆی لەکێشەکان بڕوانێ.

**پەیوەندیی رۆشنبیری لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان**

کردنەوەی زانکۆی ئیشق لەهەولێر هەنگاوی یەکەمی کۆمپانیای فەزالەر نییە کە لەلایەن فەتحولا گولەن بەرێوە دەبرێت، فەتحولا گولەن پیاوێکی ناودارو سەرمایەدارێکی گەورەیەو لە ئەمەریکا دەژێت، ئەو لەپشت دەیان و سەدان دەزگای فێرکارو راگەیاندنە لەجیهاندا.

لەکوردستان خوێندنی منداڵانیان هەر لە باخچەی ساوایان بەزمانی ئینگلیزی لەگەڵ هەندێک وشەی سەرەتایی تورکی هەیە، لە خوێندنی سەرەتایی ١ تا ٦ زمانی ئینگلیزی و لەپۆلی ٣ تا ٦ ی سەرەتایی زمانی تورکیشی ئاوێتە دەکەن، هەستێکی ئایینی میانڕەویان هەیە، سەرباری سەرەتایی، دواناوەندیان لەهەولێر هەیە، ئەوان بە نەرمی و هەروەها خۆدوورگرتنیان لەسیاسەت تاڕادەیەک سەرنجی دەوروبەریان راکێشاوە، کردنەوەی زانکۆی ئیشق لەهەولێر هەنگاوێکی تری فەتحولا گولەن و هاوەڵەکانی و بەتایبەتی نەهجە نوێیەکەی تورکیایە لەکوردستان، بەشداری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لەرێوڕەسمی کردنەوەکەو خوێندنەوەی وتارەکەی، جێگەی دیقەت لەسەرکردنن، بەتایبەتی کە ئەم هەنگاوە بە کارێکی جیدی دەبینی وەک پردێک لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان.

کارەکە لەم رووەوە گرنگە کە زۆربەی خەڵکی تورکیا دەنگیان بەپارتی دادو گەشەپێدان داوە، پارتی دادو رێبازەکەی فەتحولا گولەن دووڕووی یەک دراون، بۆیە لەسەر ئاستی تورکیا وەک جەماوەرو عەوام پێشوازی لێدەکرێت، بەڵام مەرج نییە جێگەی رەزامەندنی تەواوەتی سوپا و توندڕەوەکان بێ.

لەمەراسیمی کردنەوەکەدا ٦ پەرلەمانتاری لیستی پارتی دادو گەشەپێدان بەشداربوون و هاتبوونە هەرێمی کوردستان، لەزیاتر لە ٩٠ وڵات بنکەی پەروەردەییان هەیە، کە منالانی ٤ ساڵ تابە دواناوەندی دەگات تیایاندا دەخوێنن، لەنزیکەی ١٠ وڵات زانکۆیان هەیە، لە نموونەی ئەم زانکۆیەی لەهەولێر کردیانەوە بەگشتی زیاتر لە ٥٠٠ خوێندنگەیان هەیەو لەسەرتاسەری جیهان بەسەدان هەزار قوتابییان هەیە، نەهجی ئەوان (تورک ئیسلامی)یە، هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا بەم کارە دەکەوێتە قۆناغێکی گرنگی پەیوەندی زانستی و کەلتووری، بەڵام بەپێی سروشتی مێژوویی و کۆمەڵایەتیمان دەکەوێتە سەرشانی حکوومەتی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە کە لەنزیکەوە لەگەڵیاندا هەماهەنگ و چاودێربێ، بۆ ئەوەی سوودەکەی زۆرتربێ.

ئەم زانکۆیە بەگوێرەی ئەوەی کە تورکەکان دەیکەنەوە نەک لەکوردستان لەزۆربەی وڵاتانی دنیا ناوەکان تورکین و لەهیچ شوێنێ نەپەرچەمی تورک و نە هی وڵاتەکە بەرز ناکەنەوە، بۆیە حکوومەت و گەلی کوردستان دەتوانن سوودێکی زۆر لەم کارە وەربگرن لەڕووی ئەم بوارانەی کە زانکۆکە بەشی بۆ کردۆتەوەو لەڕووی سیاسی دەتوانێ لە دەلاقەی ئەم کارەوە شوێن پێی دوژمنایەتی و رق و کینە کەم بکرێتەوە.



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١٧ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM

# تورکیا و دەستووری بوونی هەرێمی کوردستان

هێمن میرانی*



ماوەیەکە پەرەسەندن لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە هێواشی دەبینرێ، ئەگەرچی هێشتا تورکیا وەکو کیانێکی دەستووری فەرمی مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەکردووە، لێ چاوەڕێ دەکرێ لە بەر کۆمەڵێک هۆکار لە ئاییندەدا ئەم گۆڕانە ببینرێ.

تا ئێستاش چەند بابەتێک هەن کە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان وەکو نەگۆڕ ماونەتەوە و لە روانگەی تێگەیشتنی نەگۆڕیان بۆ ئەم پرسانە، هەوڵی گۆڕینی میکانیزمەکانی مامەڵەکردن و پەیوەندی دروستکردن دەدرێ. پرسەکانی ( ترسان لە گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی کوردی و چارەنووسی کەرکوک، بوونی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دیوی ناو هەرێمی کوردستان لە سنوورە سەختەکانی نێوان عێراق و تورکیا و هەڕەشەکانیان لەسەر ئاسایشی ناوخۆی تورکیا، تورکمانەکانی عێراق و مافەکانیان ) لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا خاڵی نەگۆڕن و لە قۆناغی رابردوو تەنیا میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسانە ئاڵوگۆڕیان پێکراوە.

پرسی پەکەکە و ئاییندەی سیاسی هەرێمی کوردستان بەلای تورکیاوە جێی بایەخە ( جا هەر پارتێک لە تورکیا فەرمانڕەوا بێ) و لە پەرسەندنەکانی بێدەنگ نابێ.

کێشەی پەکەکە زیاتر کێشەیەکی ناوخۆیی تورکیایە و مانەوەیان لە هێڵە سنوورییە سەختەکان بۆ مێژووی بەر لە دروستبوونی هەرێمی کوردستان وەکو کیانێک دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی بە هۆی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، حکومەتی ئەوسای عێراق کۆنترۆلی ئەو ناوچانەی لە دەست دا و پەکەکەش وردە وردە پێگەی خۆی لەو ناوچانە قایم کرد. بەهێزبوونی پەکەکە لەو ناوچانە و لە ناوخۆیی تورکیا پەیوەندی بەوەوە نیە کە هەرێمی کوردستان شەڕی پەکەکە ناکات، بەڵکو سیاسەتەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا کە خۆیان بوارد لە مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکاری سەرەکی دروستبوونی پەکەکە و گەڕان بە دوای چارەسەری سەرەکی ئەو کێشەیەی هاوڵاتیانی کوردی باکوور ناچار دەکات چەک هەڵبگرن و ببنە گەریلا، ئەمانە هۆکاری مانەوەی پەکەکەن. بۆیە ئێستاش چارەسەری سەرەکی لە دەست تورکیا خۆیەتی نەک هیچ لایەنێکی دیکە.

ئەوەی پەیوەندی بە گەشەکردنی هەرێمی کوردستانەوە هەیە وەکو کیانێکی کوردی، دیارە بارودۆخی دوای ٢٠٠٥ و پاش ئەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ریفراندۆمی جەماوەری پەسندکرا و هەرێمی کوردستان بە قانون و دامەزراوە فەرمییەکان چوارچێوەی دەستووریان وەرگرت. دۆخێکی دیکە هاتە کایەوە و پێویستی کرد مامەڵەی لەمەودوا لەگەڵ هەرێمی کوردستان مامەڵەیەکی دیبلۆماسی و فەرمی بێ. ئەمە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قەبوڵە و تەنانەت دەوڵەتێکی دراوسێی وەکو ئێرانیش ئەم واقیعە وەکو خۆی ناودێنێ و دەیناسێ. تورکیا هێشتا ئەمەی نەکردووە. لە راستیدا ئێمە و تورکیا ٣٧٧ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشمان هەیە و ئاساییبوونی پەیوەندی لە خزمەتی هەردوو لاماندایە. تورکیا بۆ ئێمە دەروازەیەکی گەورەیە بە رووی دونیای دەرەوە، و نزیکترین هێڵە کە بە ئەورووپامان ببەستێتەوە. ئێمەش بۆ تورکیا دراوسێیەکی بە قازانجین و دەتوانی لە بواری ئاواکاری و سەرمایەگوزاریدا قازانجی زۆر بە ئابوورییە شلۆقەکەی خۆی بگەیەنێ. لە رووی سیاسییەوە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکە خەریکی پەرەپێدانی بنەماکانی دیموکراسییە لە حوکمڕانیەت و کاروباری ژیاندا، ئەمەش بۆ تورکیا قازانجە کە دراوسێی کیانێک بێ شەڕانگێز و تۆتالیتار و دژە ئەمریکا و خۆرئاوا نەبێ. وێڕای ئەوەی تورکیا دەتوانێ بە چاوکردن لە هەرێمی کوردستان هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ دۆزی بیست ملیۆن کورد لە وڵاتەکەی بدات کە هەمیشە بە هەڵپەسێردراوی مانەوەی ئەم پرسە ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی و ئابووری لە تورکیا خولقاندووە و زیانی گەورەی لە تەمەنی هەشتا ساڵی رابردووی داوە. رەنگە بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆیی تورکیاش، وەکو پێشتر مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد لە باکووری کوردستان زیانی گەورەتر بە تورکیا بگەیەنێ.

دروستە تورکیا لەم روانگانەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکات نەک لەو گریمانانەی تا ئێستا هەیەتی، ئەگەر چی هاوسەنگی هێز لە تورکیا و نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی نوی و ئەو کێشانەی لە ناوخۆی تورکیا AKP رووبەڕووی بوونەتەوە، رەنگە بواری ئەوە نەدەن بەم جۆرە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا لایەنی کەم لە چەند مانگی نزیکی داهاتوودا گەشە بکەن. لێ خۆدوورخستنەوەی زیاتر لە بە فەرمی ناسینی هەرێمی کوردستان بۆ قۆناغەکانی داهاتوو زیانی زیاتر دەبێ لە قازانجی، بۆیە پێشبینی دەکرێ لە ساڵی نوێ ئەگەر AKP دووچاری قەیرانی نەخوازراو نەبێ پەیوەندییەکان پەرەسەندنی زیاتر بە خۆوە ببینن.

*** ماستەر لە کاروباری تورکیا- کۆلێژی یاسا و رامیاری زانکۆی سەلاحەددین.**



أسماء الألوان / تصميم سياسي ٤٨٧ / الصفحة: ١٨ / ١/١٢/٠٨ / 9:43 PM